# بەندی (٥) لە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ

## هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجە  و سزا نادرێت و ڕەفتاری توند و تیژ و دڕندانەو ئابڕوو بەری لەگەڵدا ناکرێت

## گەندە گۆشە



سەرنووسەر

### گەندیکا

گەندیکا بە عەرەبی پێی دەڵێن (فسابة) ، بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (Bar Corruption) واتە دامەزراوەی یاخود ڕێکخراوی پارێزەران.!
ڕەنگە بڵێن ئێمە شتی وامان نەبیستوە و ئەو زاراوانەش نە بە کوردی و نەبەعەرەبی و نە بە ئینگلیزیش هیچ مانایەک نابەخشن .
بەڵێ ، بەرێزان بۆچونەکەتان راستە ،
ئەوەی ڕاستی بێت لە برادەرێکم پرسی دەنگ و باسی سەندیکاکەتان چیە لەوەڵامدا وتی تۆ بڵێ گەندیکا بۆیە دوای ئەوەی گفتو گۆیەکی زۆرمان لەسەر ئەوباسە کرد لە دویدا لە دڵی خۆمدا وتم خواناکا ڕۆژێک دابێت ئێمەی پارێزەرانیش بە سەندیکا کەمان بڵێین گەندیکا کە هیوادارم ئەو ڕۆژە نەبینین بەڵام بەداخەوە وئەوەی لە سەندیکای پارێزەران رویدا کفرێک بو کرا چونکە هەموو کەسێک یاسا پێشێل بکات نابێ سەندیکای پارێزەران بیکات. گەندەڵی گەیشتۆتە ئاستێک کە پێم وایە سەندیکاشی گرتۆتەوە ئەگەرنا لە وڵاتان پارێزەر پلەو پایەیەکی  زۆر بەرزە و لەگەڵ دادوەراندا لە یەک تای تەرازوو دان . بڕواتان بێت دوای ئەوەی دەستم کرد بە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر پیشەی پارێزەرایەتی وەک ( مێژوو ، سیستمی پیشەکە ، مەرج و ئاست و پێداویستیەکانی بوون بە پارێزەر... هتد) ... گەیشتمە ئەو بڕوایە کە نە زانکۆ و نە سەندیکا و نە ئەنجومەنی دادوەری لەو ئاستەدا نین شانازی بەخۆمان بکەین کە پارێزەرین . بۆ؟ چونکە نە خوێندن لە زانکۆدا لەو ئاستەدایە و نە سەندیکا هیچ پەیمانگا ومەدرەسەیەکی پیشەی پارێزەرایەتی هەیە، هەتا بگرە خولێکی ڕاهێنانیش نیە ئەنجومەنی دادوەریش هیچ کاتێک هەنگاوی نەهاویشتووە بۆ کردنەوەی پەیمانگایەکی دادوەری  ،من هەر لەو گۆشەیەدا و لە ژمارەکانی رابردووی هزردا شێوازەکانی گەندەڵیم باس کرد ،ئێوەی بەرێزیش شارەزان و باش دەیزانن ،یەکێک لە شێوازەکانی گەندەڵی خزمایەتی و خۆمانە خۆمانەیە، کە دیارە سەندیکاش لە جیاتی گەران بەدوای خەڵکی بەتوانا و کارامە دا ئەو شێوازەی گرتۆتە بەر بۆ دامەزراندنی کارمەندانی سەندیکا کە پۆستە گرنگەکان دراوە بە کور و کەس و کاری ئەندامانی دەستەی سەندیکا ، جا ئەندامانی ئەو دەستەیە بن یاخود دەستەی پێشوو.دووەم: گومان لەکارکردنی سەندیکا بەرۆژی هەینی ، جگە لەوەی کردنەوەی سەندیکا بە ڕۆژی پشو بەتایبەتیش هەینی بێ ئاگاداری سەرۆک و ئەندامانی دەستەی سەندیکا کارێکی نایاسایی یە ، بەرێوەبەر وکارمەندانی سەندیکا

.................بۆ ل ٧

## پشووی هزر



### داوای طلاق

دادوەر : خوشکە بۆ داوای طلاق دەکەی؟

ژنەکە: ئاخر مێردەکەم زۆر حەیوانە ناتوانم لەگەڵی بژیم .

داوەر : ئەی بۆ مێردت پێ کرد ؟

ژنەکە : ئاخر  قوربان نەمدەزانی ئەوەندە حەیوانە.

پیاوەکە : درۆ دەکات گەورەم دەیزانی.......

## پارێزەرانی وڵاتان  ڕێز لە پیشەکەیان دەگرن ڕێگا نادەن هیچ کەسێک پیشەکەیان سووک بکات

پارێزەرانی ئەمریکا هەوڵیاندا و نەیانهێشت بیل کلنتۆن ی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا  پیشەی پارێزەرایەتی بکات .
چونکە لە کێشەی مۆنیکا لوینسکیدا بەدرۆ شایەتییێکی دابوو

ل ٧






## کچە هونەرمەندی تونسی هند صبری  دوای ئەوەی سوێندی یاساییشی خوارد ڕێگای پێنەدرا پارێزەرایەتی بکات سەندیکای پارێزەرانی مصریش رازی نابێت شەریهان کە ئەکتەر و سەما کەرە بچێتە ریزی ئەوان

ل ٧





## چەکوشی یاسا



طارق جامباز

### تاکو زمانەکان یەکسان بن پێویستیمان بە یاسای زمان هەیە

گەر چی لەگەڵ دامەزراندنی وڵاتی عێراق ساڵی ١٩٢١دان بەزمانی کوردی لە دادگاکان،قۆناغەکانی خوێندندا نراوە ، دواتر یاسایێکی تایبەت (یاسای زمانە خۆجآیەکانی ژ ١٩٣١/١/٤ ) دەرجووهەروەها لە یاساو بریارەکانی پەیوەندار (زمانی کوردی لە تەک زمانی عەرەبی) لە ناوجەی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدا بە زمانی ڕەسمی ناوی هاتووە ،دوای ئازادکردنی عێراق ئەوا ج لە یاسای تاڵ یا لە دەستوری عێراقی (٢٠٠٥) لە ماددەی (٤)دا زمانی عەرەبی ،کوردی لەسەرتا سەری عێراقدا دوو زمانی ڕەسمین بەڵام جارێ ئەو یاسایە کە (یاسای زمانە) دانەنراوە ،لە پرۆژەی دستوری کوردستانیشیدا ئاماژە بە هەمان ماددە کراوە ئەمەیش ڕەجاووپەیرەو کراوە لەو وولاتانەی فرە نەتەوەن (یاسای تایبەتیان بۆ زمان دەرجواندووە تاکو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرێک،پێکی بەکار بهێنرێ ،هەر بۆ نمونە لە ساڵی ١٨٦٧وە دوو زمان (ئینگلیزی،فەرەنسی) لە پەرلەمانی کەنەدیدا بەکاردەهێنرێ ،یاسای زمانە فەرمیەکانی ساڵی ١٩١٠دەرجووەو دواتر ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراوەو لە ساڵی ١٩٧٤دا بەرهەمە بازرگانیەکان بە دوو زمان دەپێچرێتەوە هەروەها کۆمسیۆنی زمانە فەرمیەکانیان دامەزراندوە، یاسای زمانەکانیشیان سەر لە نوێ ساڵی ١٩٨٨ دارشتووە کە لە (١٠٩) ماددە پێک هاتووەو لەم یاسایەدا زۆر بە ووردوقوڵی جۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکان دەستنیشانکراوە ،ئەوەی پشت گوێی بخات ئەوا لە دادگاکاندا داوای لەسەر بەرزدەکرێتەوە.
لەم دواییەدا سەفەرێکی نیوە جڵم بۆ عەمان پایتەختی ئوردن کرد ،مەبەستم جوونە بەریتانیا بوو بەڵام لەوێ رێ نەدانیان هێنامە پێش بۆیە سەفەرەکەم نەکرد بەڵام ئەو ماوەیەی لەوێ بووم بەدوا بەڵگە ،نوسین لە بارەی زمانە ڕەسمییەکان دەگەرام تاکو ڕۆژێک خزمێک دەعوەتی کردین کە باسی زمانەکانم کرد، لەبەر ئەوەی دانیشتوی کەنەدا بوو بۆیە (پاسپۆرتی کەنەدی،رەگەزنامە (جنسیە) ،بیمەی تەندروستی (الضمان ا لصحی ) ، مۆ لە تی لێخورینی) بۆ هێنام

بۆ ل ٧